# «گۆڕەشار» وەك قوربانی؛ ڕانانێک لەسەر ڕۆمانی گۆڕەشار




ئارام محەمەد

---

ناسنامەی کتێب: «گۆڕەشار»، سەید قادر هیدایەتی ، چاپەمەنی خانی، سەقز ١٣٩٩.




ISBN: 9786226274425

Website: www.kurdishbookhouse.com

Telegram: https://t.me/kurdishbookhouse

تایبەت بە ماڵی کتێبی کوردی

www.kurdishbookhouse.com

یەکەم: هەوڵدان بۆ دابڕان لە فۆڕمی زۆرینەی هەنووکەیی و نووسراو، کارێکی ئاسان نییە، کۆشان بۆ خستنەڕووی مۆدێلێکی جیاواز، پێیەك دەخاتە ناو بازنەی داهێنانەوە، لە لایەکی دیکەوە دابڕان و فۆڕمی نوێ، جۆرێکیشە لە تێکدان، تێکدانی ڕابردوو، بۆ دروستکردنەوەیەکی نوێ و هێنانەوەی قورسایەکی فەرامۆشکراو بە چوارچێوەیەکی جیاواز،( گۆڕەشار) هەوڵدانی نووسەرە بۆ داهێنان نا، بەڵکوو تێکدانی ئێستە، تا جارێکی دیکە، بگەڕێینەوە بۆ سەر ڕابردوو و لە وێوە بە بەهێزی بگەڕێنەوە. پێشتر ئەزموونێکی ناوازەمان هەیە لە شیعردا(ئەنوەر مەسیفی)، زۆر لە (سەید قادر) دەچێت، ئەم یارییە لە ئەدەبیاتدا، تەنیا بە زمان دەکردێت، بە تێڕوانی بارت، ئەدەبیات واتا زمان، ئەدەبیات لە فلۆبێرەوە تا ئەو ساتەی بارت (پلەی سفری نووسین) دەنووسێت، هەموو دیبەیت و کێشەی ئەدەبیات زمانە، لە گۆڕەشاردا بەر کێشەی زمان دەکەوین، بەر نائارامی و ناسەقامگیری زمان دەکەوین. زمانێکی لەتوپەت، هەلاهەلا بوو، نە لینگویستێك و نەستراکچەری ڕستە، نەك ڕێزمان و نە هیچ شتێکی دیکەی زمان، هاو شێوەی زمانی باوە، هاوشێوەی زمانی هەنووکەیی ئەدەبیاتە، داڕشتنی ڕۆمانێك لەو چوارچێوەیەدا کارێکی تاقەتپڕوکێنە بۆ نووسەر، چ جا بۆ خوێنەر، کارەکە جۆرێکە لە خۆکوژی، خۆکوژی تێکست، کارێکی ترسناکە، ناخوێندرێتەوە، ناگێڕدرێتەوە، نانووسرێتەوە.( پۆڵ سیلان) هەمان شتی کرد، شیعری نووسی، شیعرەکان زمانی نووسین نەبوون، زمانی ناو ڕووداو بوون، سیلان کە دایکوباوکی لە یەکێك لە کەمپی

www.kurdishbookhouse.com

نازییەکان گولەباران دەکرێن، دەست دەکاتە نووسین، شیعر دەنووسێت، شیعر نا، دەیەوێت هۆلۆکۆست بنووسێت، هۆلۆکۆست بە زمانی هەمووان نا، هۆلۆکۆست بەزمانی خودی ڕووداوەکە، زمانێك کە خودی ڕووداوەکەیە نەك وەسفی ڕووداوەکە، کەوتە هەڵکۆڵین لەناو ڕووداوەکە، هەڵکۆڵینیشە لەناو مێشکدا، لەناو زەیندا، بەرگەی نەگرت و خۆی هاویشتە ڕووباری (سێن) لە فەڕەنسا، یەکجار و تەواو، کەمتر لە یەکجار، کارەکە ترسناکە، ئەزموونەکە نوێ نییە، بەڵام ئازایانەیە، خوێنەر تووڕ هەڵدەدرێ، کارەکە بۆ کەمینەیەکە، کەمینەیەکی بچووك هۆشیار دەبنەوە، لەرزێکی ڕادیکاڵانەیە، دەبێت ئاگاداربین، ئەدەبیاتی کەمینە نییە، ئەوەی دۆلۆز باسی دەکات، هەردووکیان جیاوازن، ئەدەبیاتی کەمینە، کە دۆڵۆز لە (کافکا)دا ڕوونی دەکاتەوە، یەکێك لە پایەکانی ئەوەیە، نووسەرەکە ناتوانێت نەنووسێت، نەنووسێت دەمرێت، ئەمرێکە لەدەرەوەی ویست و هێزی نووسەر، ئەمە هێندە تایبەت وداخراو دەبێت، کەمینەیەك لە نووسەران دەگەنە دۆخێکی ئاوا، ئەدەبیاتی کەمینە ڕەنگە خوێنەری زۆرینە لەخۆیدا کۆبکاتەوە، گۆڕەشار، ئەدەبیاتی کۆمەڵە ئیلیتێکە، بۆ ڕامان و ئاگاهاتنەوە، بۆ بیرهێنانەوەیەکی زمانی، زمان و بەس، ئەمەیش یانی هەموو ئەدەبیات و بەس.

www.kurdishbookhouse.com

دووەم: نووسەر لە گۆڕەشاردا دەسکاری بیچمی(فۆڕم) زمان دەکات، بەڵام ئاگایانە، پێش ئەو کارە، کتێبی (نەسری کوردی و گۆڕانی فۆڕم) بڵاو دەکاتەوە، خۆی لەو کتێبەدا قسەیەکی (لارینس ستێرن) دەهێنیتەوە و پاڵپشتی ئیشەکەی خۆی پێ دەکات، ئەو ئیشەی کە لە خەیاڵیەتی (گۆرەشار)، کۆی گۆڕەشار لەسەر ئەم قسەیی ستێرن بنیاتنراوە: (گێڕانەوە تا ئاستی نەگێڕانەوە، ڕیتم تائاستی سورعەتی سفر خاو دەکرێتەوە، ئەوەی دەکرێت باس بکرێت، باس ناکرێت.) ئەم کتێبە کلیلی کردنەوەی (گۆڕەشار)ە. نووسەر زۆر بە هێواشی هەنگاوەکانی ئەو پرۆسەیە ڕوون دەکاتەوە، کاریگەری زمان و زمانی دۆگما، بەستنەوە و گەڕانەوە بۆ زمانی نەوەکانی پێشوو و بەستنەوەی بە ئێستامانەوە، هەمان کار لە کۆتایی هەشتاکان (ئەنوەر مەسیفی) کردی، لە پاڵ سەرکێشییە زمانییەکەیدا، مانیفێستۆی خۆی بڵاو کردەوە و ناوی نا (فۆڕمی گران)، هاوشێوەی (سەید قادر) ئەگەر ئەو مانیفێستۆیە نەخوێنیتەوە، پرۆژەکە بە ناتەواوی دەردەکەوێت. مانیفێستۆی مەسیفی زۆر هاریکار دەبێت، بۆ هیدایەتی، هاوشانی کتێبەکەی هەموو نا ڕوونیەکان کۆتاییان دێت، مەسیفی ڕایگەیاند زمانی نائاسایی و واقیعی نائاسایی، شیعری نائاسایی دەخوڵقێنیت، کارێکە هاوشێوەی کارەکەی (سەید قادر)، نائاسایی زمان، نائاسایی ڕۆمانە. ئەگەر بڵێن نووسین هەوڵە بۆ داڕشتنەوەو تێپەڕاندنی زمانی ڕۆژانەیی، ئەوا دەکرێ بڵێن( سەید قادر) زمانی ڕۆژانەی تێنەپەڕاندووە، بەڵکوو هێناویەتیە ناو نووسین

سێهەم: لە (گۆڕەشار)دا چۆن نووسین چەقە نەك چی نووسین، هەرچەند نووسەر هەوڵی داوە بایەخ بەچی نووسینێش بدات و هەندێ تێما و بیرۆکە و بابەتی پڕمشتوومڕ بخاتە ناو ئاشی زمانەوە، بابەتە مرۆییەکان و بەدیاریکراوی زەقکردنەوەی (فرۆشتنی گورچیلە)، هەروەها بابەتە سایکۆلۆژییەکان و کۆمەڵناسییەکان کە ئێستە زۆرترین مشتومڕیان لەسەرە(تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان)، بەڵام بە بۆچوونی من، زمان بە زاڵمەیەتی خۆی ئەو( چی نووسنیە)ی شاردووەتەوە. ئەمەیش یەکێك لەو گرفتانەیە کە نووسەر ویستوویەتی تێیدا سەرکەتوو نەبووە. ڕەنگە هۆکارەکەی ئەوە بێت زیادەڕۆیی کردووە لە درێژکردنەوە و تۆخکردنەوەی ڕووداوە زمانییەکان، بۆ ئەم بابەتە دەکرا سوود لە (مەرگرێت دۆراس) وەربگیرێت، کاتێك بە تێڕوانینی لاکان، بۆ چەند چرکەیەك دەچێتە ناو زمان و واقیع جێدەهێڵێت، گوزارشتکردن لەو چرکانە زۆر خرایە، زۆر ورد و ئاگایانەیە، واقیع هیچ شوێنپێیەکی نامێنیت، یارییەکە دەبێتە ڕاکردن و خۆکێشان بە پەرژینی زماندا، ئەگەر( سەید قادر) ئەوەی بکردایە، زۆر باشتر پایەی پرۆژەکەی دەچەقی و خوێنەری ئاسایی کەمتر هێڵنجی دەدا، هەر ئەوەشە کە هیچ هیوایەك نییە کە جارێکی دیکە ئەو تێکستە (گۆڕەشار) بەزمانێکی دیکە بخوێندرێتەوە، ئەمە لەدەست دەرچوونە، ئەگەرنا دۆراس هەمان دابڕانی ڕادیکاڵانەی لە زماندا کردووە، بەڵام دەرفەتی ئەوە لەبەردەم

www.kurdishbookhouse.com

تێكستەكە كراوەیە و ئەگەر بە نیوەچڵیش بێت، شیانی خوێندنەوەی هەیە بە زمانانی دیكە.

چوارەم: (گۆڕەشار) كۆكراوەی پڕۆژەیەكی نووسەرە، كە تێكەڵەیەكە لە چەند پیچمێكی زمان و تەكنیك، نووسەر ئاگایانە دەزانێت، لە پێش ئەودا هەریەك لە (مەسعوو محەمەد) و(زەبیحی) و(هەژار) ئەو سەركێشیەیان لە بەرانبەر زماندا كردووە، هاتووە تێكەڵەیەكی لەو سەركێشیانە كۆكردووەتەوە، دواتر لە چوارچێوەی ڕۆماندا فۆڕمی پێ بەخشیوە، (سەید قادر) هێندە بە زمانی هەژار سەرسامە، كە هەژار بە بۆرخێسی كوردی دەزانێت و پێی وایە هەژار بووێرییەكی گەورەی زمانیی هەبووە و تاقی كردووەتەوە، هەم لە شەرەفنامە و هەم قورئان، زمانی هەژار (زبر و زۆپ و پیاوانەیە)، لەپاڵ ئەوەدا دەبینرێت، لە گۆڕەشاردا شێوازی ڕستەسازی و لینگوستیك بەتەواوی لە ژێر كاریگەری (مەسعوود محەمەد)دایە، كاتێك هیچ بەهایەك بۆ خاڵبەندی و مۆدێلی ڕستەی ڕێزمانی نییە، دەكرێت یەك لاپەڕ بخوێنتەوە یەك فاریزە و نوختەی تێدا نەبێت، دەكرێت ڕستە یەك وشە بێت، دەكرێ ڕستە تاك وكۆی تێكەڵ بێت، فرمان و بكەر و كارا هچیان مانایەكیان نەبێت، مەسعوود محەمەد لە (مرۆڤ و دەورووبەر)دا ئەوەی تاقیكردەوە، بووێرییەكی زمانیی بوو، بەڵام ئەوەی جیاوازە ئەوەیە، سەید قادر هاتووە، ئەمەی لە گێڕانەوەیەكی هونەریدا كردووە، كە ڕۆمانە، ئەمەش تاكە خاڵی جیاوازییە. هەروەها

www.kurdishbookhouse.com

ئەوەی کە جیاوازە لەگەڵ(مام هەژار)، ئەوەیە بەهەمان کەرەستە، کە هیدایەتی پێی وایە گێڕانەوەیەکی هونەرییە، وشەکانی سارد و بێڕۆحن، بەڵام وشەکانی (مام هەژار) گەرمن و هەناسە دەدەن. وردەکارییەکانی نووسەر بۆ پێرفۆرمانسێکی جیاواز، زیاد لە هەوڵ و کۆشانێکە، بۆ نموونە، زمانی ناو ئاوێنە، نووسینەوەی وڕێنە، هەڵەنگوتنەکانی زمان، کە لە کارەکتەری لاڵەپتەیەك بەرجەستە بووە، هەوڵێکی دیکەی نووسەر بۆ ئەوەیە، چوارچێوەی مۆدێلی دیاریکراوی ڕۆمانی مۆدێرن، نیشان بدات، زۆرترین مانا، فرەدەنگی (پۆلیفۆنی)، زۆرترین پارادۆکس و کۆتاییەکی نادیار و کراوە، کە (گۆرەشار) دەخوێنینەوە، وەك چاوشارکێ بەر ئەو تایبەتمەندیانە دەکەوین، بەس زۆر خێرا زمان گومیان دەکات و دایاندەپۆشێت و هەموو شتەکان تێك دەدات. ئەمەش کاتێك دەردەکەوێت، کاتێك زمان لەو ڕۆمانە بستێنینەوە، لاپەڕەی سپی دەمێنێتەوە.

■ هاوڕێمان بن لە ماڵی کتێبی کوردی:

■ **Telegram:** **https://t.me/kurdishbookhouse**

www.kurdishbookhouse.com